# دەستورو مافەکانی خەڵکی کوردستان
## کۆڕێك بۆ سامان کەریم لە شاری هەولێر

- لە ڕۆژی 2005/6/12دا سەنتەری نما لەشاری هەولێر کۆڕێکی بۆ سامان کەریم سکرتێری مەکتەبی تەنفیزی ڕیکخراوی کوردستان ڕێکخست، لە ژێر ناو نیشانی "دەستورو مافەکانی خەڵکی کوردستان".

سامان کەریم لە باسەکەیدا جەختی خستە سەر ئەوەی کە لە ڕوانگەی ئێمەوە" دەستورێك کە لایەنەکانی ناسیونالیزمی کوردو ئیسلامی سیاسی شیعی و ئەمەریکاو میدیاکان قسەی لەسەر دەکەن لە درێژەی سیاسەتێکدایە کە زیاتر لە 2 ساڵە لە عێراقدا دەڕواتە پێشەوە لە سایەی داگیرگاری ئەمەریکاداو وەك پڕۆسەیەکی چەوشەکاری دەیانەوێت بیسەپێنن بەسەر خەڵکی کوردستان و عێراقدا، هەروەك چۆن پرۆسەی هەڵبژاردنیکی گالتەجاریان بردە پێشەوە بە پەنجە مۆری خەڵکی عێراق و کوردستان. دەستورو بۆ ئەو لایەنانە مانای بە قانونی کردنی هەلومەرجی ئێستاو دەسەلاتی ئێستایە، کە کێشەو تەفرەقەی قەومی و تائیفی تابێت زیاتر قول دەکاتەوەو بەم مانایە، دەستوریك کە باس دەکرێت، دەستوری قولبونەوەی مەئسات و کویرەوەرییەکانی خەڵکە بەگشتی. ئەو لایەنانە ناتوانن دەستوریك دابرێژن کە خواست و ویستی خەڵکی عێراق و کوردستان وەلام بداتەوە. بەم مانایە لەبەرانبەر ئەم هەلومەرجەدا وەلامی گونجاو درێژەپیدان بەخەبات و ریکخراوبونی خەڵکە بەدەوری خواست و ویستەکانی خۆیان و وەلانانی ئەو هێزانەی کە ئێستا دەسەلاتدارن....

بەلام بۆخەلکی کوردستان، دەستوریك کە باس دەکرێت، مانای تاپۆ کردنی کوردستانە بە چوارچێوەی دەولەتی ئێستای عێراقەوە، مانای لکاندنی کوردستانە بەدەستی ناسیونالیزمی کورد بە دەولەتی عێراقەوەو هەردوو حزبی دەسەلاتی کوردستان بەرپرسن بەرانبەر خەڵکی کوردستان سەبارەت بەم مەسەلەیە، کە ڕاستەوخۆ بە دژایەتی ویست وخواستی خەڵکی کوردستان دەشکێتەوە، لە جیابونەوەی کوردستان و پیکهێنانی دەولەتیکی سەربەخۆدا. لە لایەکی تریشەوە مانای ئەوەیە کە خەڵکی بخریتە ژێر سایەی دەوڵەتێکی ئیسلامی کۆنەپەرستی ئیسلامی-قەونی و تائیفیەوەو مافەکانی خەڵکی کوردستان لە ئازادیە سیاسیەکانەوە بگرە تاکو دەگاتە ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان و مافەکانی ژنان و لاوان سەرکوت و پێشێل دەکرێت.

بەجیا لەمەش هێزە دارێژەرەکانی دەستور کە خۆیان پڕو پاگەندە دەکەن بەوەی کە عێراق پێی ناوەتەوە قۆناغێکی نوێ و لە چنگ دیکتاتۆریەت رزگاری بوەو پرۆسەکەیان ناولێناوە پڕۆسەی ئازادی، هەریەکەیان ئامانج و ئیستراتیژی سیاسی جیاوازی خۆیان هەیە کە پێکەوە ناگونجێن و زۆرجار دژ بەیەك دەوەستنەوە، ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەب ناتوانێت رازی بێت بە تەسلیم کردنی کەرکوك بۆ ئەحزابی کوردی، وە تەنانەت لەسەر فیدرالیەت کێشەی جدیان هەیە، لەسەر دەیان کۆسپو مەسائیلی سیاسی کێشەو کێبەرکێی قول و فراوان هەیە لەنیوانیاندا، ئەوان دەیانەویت لەسەر پایەی چەمکی "ڕیککەوتن" کە خۆی لەبناغەوە دژ بە پرۆسەی دیموکراتیە کە خۆیان پروپاگەندەی بۆدەکەن، دەولەت پیك بهێنن، دەوڵەتیك کە بە پێچەوانەی پرۆسەی پیکهێنانی دەولەتەوە لە هەموو دنیادا. لە هەموو ولاتانی دنیا سیستەمی دەولەت و جۆری حوکمرانی دیاریدەکرێت و ئەمە دەبریتەوە ئینجا دەستور دەنوسنەوە، لیرە لە عێراق دەیانەوێت دەستور بکەنە بەردە بازێك بۆ پێکهێنانی دەوڵەت لەسەر پایەی "ڕێککەوتنی" نێو خۆیان و بە پشتیوانی و زەختی ئەمەریکا. دەستور ناتوانێت مەسەلەی پێکهێنانی دەوڵەت برێنێتەوە، ڕەنگە دەوڵەتێك پێك بهێنن، بەلام ئەم دەوڵەتە وشکە کەلەك و چێشتی مجەورەو ئەگەر وەلاش نەنرێت خۆی دەروخێت، چونکە مەعلومە هەر بزوتنەوەو هێزیکی سیاسی بەدوای بەرژەوەندی ئامانج و ئیستراتیژی خۆیەوەیەتی، ئەمرۆ هاوسەنگی هیزو بونی ئەمەریکا ئەم جۆرە لە ریککەوتن ممکنە پێك بهێنێت بەلام ئەوسەرەکەی بێ ئاسوییە، لەهەمانکاتدا دەولەتی قولکردنەوەی کیبەرکێی قەومی و تائیفیەیە، خەلکی عیراق روبەروی کارەساتی ئینسانی گەورە دەکاتەوە لەچەشنی راوندا.... ئەم هێزانە هێزێك نین کە بتوانن داوای خەلك بهێننە دی.

ڕیگا ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان، لە پیناو مەسەلەی جیابونەوەی کوردستان و پیکهێنانی دەولەتی سەربەخۆدا بێنە مەیدان،لەریگای راپرسیەکی گشتی و ئازادەوە. هەروەها بینە مەیدان لە پیناو مافە فەردی و مەدەنی و سیاسیەکانی خۆیاندا لەپیناو یەکسانی ژن و پیاودا، ئەوکات بزوتنەوەیەکی وا بەهیز دەتوانێت لەریگای نوینەرانی راستەقینەی خۆیەوە دەولەتیك دروست بکات کە وەلام بداتەوە بەخواست و ویستەکانی خەڵکی کوردستان لەهەمانکاتدا هەولێکی جدیە لە پیناو سەپاندنی داوای خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی کە لە هەر دەستوریکدا کە ممکنە بنوسریت مافی خەڵکی کوردستان فەرامۆش نەکرێت لە بریاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆی وگەرانەوە بۆ ڕەئی خەلکی کوردستان لە راپرسیەکی گشتیدا، سەبارەت بە مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا یان جیابونەوەو پیکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ."

- لە ڕۆژی 2005/6/7دا کۆمیتەی کەرکوك هەستا بە ڕێکخستنی لیکچەرێکی سیاسی بۆ ژمارەیەك لە کادران و چەکدارانی حزب لە شاری کەرکوك. بەشەکانی لیکچەرەکە کە سێ سەعات و نیوی خایاند، بریتی بون لە بەرنامەی حزب، سیاسەتەکانی حزب لەبەرانبەر هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراقداو هەروەها سیاسەتی حزب و ڕیگا چارەی حزب بۆ کێشەی کەرکوك و بەتایبەت ئەو ئەرك و هەنگاوانەی کە لەبەردەم کۆمیتەی حزبدایە لە گەرەکی هاوپشتی، لە نیو سەعاتی کۆتایدا، وەلام بە پرسیارەکانی بەشداربوان درایەوە. ئەم لێکچەرە لە لایەن سامان کەریمەوە سەرپەرشتی کرا.